

هەراو هوریاو پێکەنینی خەڵکەکە ئەو ناوەی پڕکرد، کاتێك بینیان جلە ڕەنگاوڕەنگەکە هەر وەك لە فیستیڤاڵدا بێت بە ئاسماندا دەفڕێت. بەڵام کاتێك قازەکان کەوتنە قسەکردن، پەلکەزێڕینە لە دەنووکیان کەوتەخوارەوە. قازەکان گرتیانەوەو جارێکی تر بردیانەوە بۆ ئاسمان. خەڵکەکەش بەردەوام تەماشایان دەکردو پێدەکەنین، بەڵام پەلکەزێڕینە لە چاوترو کاتێکدا لە چاوان وونبوو.





قازەکان زۆر نیگەران بوون و بە دوایدا کەوتنە گەڕان. بە دڵتەنگییەوە هاواریان دەکرد: **تۆ لە کوێی ئەی پەلکەزێڕینە؟ کێ تۆی لە ئێمە شاردەوە؟!** لەو کاتەدا خۆر پێکەنی. پەڵە هەورێکیش کە بەوێدا تێدەپەڕی، وتی: **ئەی قازەکان دڵتەنگ مەبن. پەلکەزێڕینە جارێکی تر لەگەڵ باراندا دەردەکەوێتەوە، چونکە ئەو کوڕی باران و خۆرە.**

گۆڕینی: فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی
وێنە: سەرتیپ فەتاح